پێشەکیەکی کورت :

تێک و پێکچون و لە بەر یەک هەڵوەشانەوەی دەوڵەتی عێراقی دەرگایەکی ئومێد بەخشی بە سەر دڵی تاک و کۆی ئینسانی کوردی دا کردەوە . بە هیوای ئەوەی ئەمجارەیان بە سوود وەرگرتن لە شکستەکانی پێشوی دەبێتە خاوەن کیانی سیاسی خۆی , ئەویش بەپێکهێنانی دەوڵەتێکی سەربەخۆ .
بەڵام خەریکە وردە وردە ئەو خەونە دەکرێتە قوربانی کۆمەڵێ مەرامی حزبی . هێزە دەسەڵاتدارەکانی کوردستان بوونەتە بەشێکی سەرەکی لە پێکهێنان و دروست کردنەوەی دەوڵەتی عێراقی , بەبێ ئەوەیی هیچ قسەیەکی ڕۆشن لەسەر کوردستان کرابێ .دەوڵەتی عێراق ڕۆژ بەڕۆژ سەقامگیر تر دەبێ , ئەوەتانێ پرۆژەکانی سوپای نوێی عێراقی لەتوانەوەو پاشەکشەپێکردنی هێزەکانی سەدرو تێکشکانی گروپە ئیسلامییە توونڕەوەکانی سێ کوچکەی سونی نشین . هێزو ئینێرژیەکی زیاتریان پێدەبەخشێ بۆ جێبەجێکردنی پەیامەکەی "غازی یاوەر" , بۆ لە خوێن گەوزانی بزوتنەوەی سەربەخۆی کوردستان . بۆیە ئێمە" ماڵپەڕی دەنگەکان" بەباشمان زانی پرسیارێک لەو بارەوە بخەینە بەردەست کۆمەڵێ لە ڕۆشنبیران و نووسەرانی گەلەکەمان .

- ***ئەمڕۆ زەمینەیەکی ڕەخساو و لەبار بۆ کورد فەراهەم بووە تا بتوانێ چارەنووسی خۆی لەجیابوونەوە و پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆ دیاری بکات.ئایا پێت وانیە سەرکردایەتی سیاسی کوردلەپێناو بەرژەوەندی حیزبی و بنەماڵەیی ڕێگرە لەبەردەم ئەم خواستەی کورد و خەریکە ئەم دەرفەتە لەدەست ئەدرێ.بەبڕوای تۆ چ هەنگاوێك پێویستە(چ بکرێت باشە) تا کەڵك لەم دەرفەتە مێژوویی یە وەرگرین؟***

# دەنگ ئەدەم بە دوومليۆن ئيمزای ئەنفالکراو؟

**ئاسۆعەبدوللەتیف**

ڕەوشی ئەمرۆی کوردستان و ترس و دودڵیەکەمان ئەوەیە کە ئایندەمان لە سەردەستی هێزێکی ئایدۆلۆژی حیزبی نارێخراو بنیاد نراوە کە یەکێتی و پارتی رەنگ رێژی ئەکەن نەك گوتارێکی نەتەوەیی سیاسی رۆشن… ئەمە ئەو دۆخە دژوارو تراژیدیەی تاکی کوردی و ئەو واقیعە دیفاکتۆ داسەپاوەیە کە خودی ئەو هێزانەش کە ناومان هێنان ناتوانن نکوڵی لێ بکەن ! کێشەی من نە زیادکردنی وەزیرێك و نەپەرلەمانتارێك و نەکورسی و ئیمتیازێك و نە هاتنی عەللاوی و یاوەریشە بۆ ( دوکان الشیخ) مکەی کوردستان کە خۆشبەختانە نەهاتن و هیچ داوای لێبوردنیشیان نەکرد کە بەراستی دەلالەت و مەغزای قووڵی هەبوو وەك ناردنی پەیامێکی تەمومژ، کەهەموو ئەمانە حیزبەکانمان خەونی پێوە ئەبینن بەڵکو کێشەی من گۆرینی ئەو عەقڵە ژەنگرتوە نەگۆرەی عێراقی عەرەبییە کە کورد وەکو سنورو ئاڵاو کێشەی سیاسی و سەربەخۆ ناناسێت ئەوەی ئەیناسێت تەنها بارزانی و تالەبانییە، ئیتر بەبروای من دەنگم بەخەسار ئەچێت وەك کورد چونکە بۆ رێخستنەوەی ماڵی من نیە ئەوەندەی بۆ دەوارنشینەکانی عەرەب و عەگال بەسەرەکانە ! سیناریۆی تازەکردنەوەی ماڵی روخاوی بەعس و دەوڵەتی دەستکردی عێراق لە سەر دەستی نوخبە سیاسیەکانی کورد بە ناوی هەڵبژاردن و دەنگدانەوە بریتیە لە کۆی میراتێکی سەقەت کە بەعس و دەسەڵاتە تۆتالیتاریەکانی رابردوو خستیانە مێشکی کوردوهەنووکە

ناتوانین خۆمانی لێ قوتار بکەین، ئەوەی هەیە ئەمرۆ لە گۆڕەپانی سیاسی عێراقدا بە ناوی ململانێی گروپ و هێزەکان بۆ کولتورو ئەزمونێك کە بەنیازین ناوی لێ بنێین هەڵبژاردن و گەمەی دیموکراسی هیچ نیە جگە لە حەمامۆلکێیەکی منالانە، گەمەیەك بە ماکیاژی دیموکراسیەوە بۆ عەشقی کورسی و پلەو پایەی ئایدۆلۆژی و مەزهەبی، لێرەدا بە تەنها ئەم واقیعە تراژیدیە نامانوەستێنێ لەبەردەم سندوقێك کە پڕە لەدەنگ و هەمان کات خاوەنی هیچ دەنگێکیش نیە، لەبری ئەمە ئەوەتاین لەبەردەم سێبەرەکانی بەعسیزم و شۆڤێنیەتێکی نوێ، لەبەردەم سەلەفیەتێکی فیکریی مەزهەبی حیزبی خێڵەکی وەهادا کە سەدام زۆر رۆشنگەرترە لە چاویاندا ؟ سەلەفیەتی مامەڵەکردنێکی عەشوائی بۆ دیوەخان و عەشرەت و نەوەیەکی پیرو بەسالاچوو کە ئەخوازێت سیاسەت بە پێوانەی پەنجاکانی عێراق بپێوێ، وەختێ منی کورد وەك تاکێك دەنگ ئەدەم نەسەربەخۆیی و نەفێدرالیەت و نەشوناسی کوردانەی راستەقینە دەستەبەرناکەم، ئەوەندەی دەتوانم دەنگی من کۆمەك بێت بۆ گواستنەوەو کاڵکردنەوەی ووشەی پێشمەرگە بۆ پاسەوانی نیشتیمانی سنووری عێراق نەك سنوری کورد و جەبەل حەمرین؟ ئێمە لەبیرمانچوو کە ماوەیەك لەمەوبەر گەورەترین هەڵبژاردن و دەنگدانمان تۆمارکرد بە ناوی ریفراندۆم و هیچمان بە هیچ نەکرد؟ئاخر دووملیۆن هەست و ئیمزای کوردانە چی لێهات جگە لە ئەنفالکردن؟ سەرکردایەتی سیاسی کوردی ئەتوانێ بەوەلام بێت بۆ دێزە بەدەرخۆنەکردنی ئەو ئیمزایانە؟ مەگەر ئەو دەنگانە نەخێرو نارەزایی و توورەبوونی شەقامی کوردی و ئەنفال و هەڵەبجە نەبوو دژ بە عێراقی یەکگرتوو؟ ئەی زەمانەت چیە بۆ ئەو دەنگانەی دیکە کە ئێستا ئامادەسازیی بۆ ئەکەین وەك دەنگی ریفراندۆمەکەمانی لێنەیەت؟ ئێمە ئێستا نەتوانین گرەنتی ئەو دەنگانە بکەین ئەی سبەینێ چۆن ئەتوانین بەرانبەر دەستور بوەستین، کەواتە شتێك هەیە پێی ئەوترێت قۆناغێکی سەخت و هێشتا نەمان بریوەو بەو خۆشبینیە سیاسیەشەوە مەحالە ئەمجارەش بتوانین شەترەنجەکە لە عەرەب ببەینەوە ئەگەر نەشمانخزێننەوە خانە رەشەکان..؟؟